مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

# دیوانی مەولەوی

لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکی:

گۆران، محەمەدی مەلا کەریم

حەکیم مەلا صاڵح، ئەنوەر قادر محەمەد

SARI

MAWLAWI.KRD

MAWLAWI.KRD

# دیوانی مەولەوی

MAWLAWI.KRD

ناوی کتێب: دیوانی مەولەوی

بابەت: شیعر و لێکۆڵینەوە

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: جەمال حسێن

هەڵەچن و ڕێکخستنی ڕێنوس: کانی عەبدوڵلا

بەرگ: قادر میرخان

سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد ڕەفیق

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

نرخی: ٧٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ٤١٩ ی ٢٠٠٤

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٦

کوردستان -سلێمانی

www.sardam.info


MAWLAWI.KRD

# دیوانی
# مەولەوی

سلێمانی ۲۰۰٦

MAWLAWI.KRD

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٣٤٦ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

MAWLAWI.KRD

## دیوانی مەولەویو ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

سەرلەنوێ چاپکردنەوەی دیوانی شاعیرە ناودارەکانی کورد لە چەندین لاوە بایەخی خۆیان هەیە، یەکەمیان بۆ قەدرگرتن لە تواناو هەوڵی شاعیران خۆیان، کە وەکو ئەستێرەی پرشنگدار ئاسمانی کوردەواریان بە وشەو بەرهەمەکانیان ڕووناک کردۆتەوە، دووەمیان بۆ ڕێزگرتن لە هەوڵی ڕووناکبیرو زانای گەورە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس کە بەشێکی هەرە زۆری بەرهەمی ئەو شاعیرانەی کۆکردۆتەوەو شەرحو پێشەکی بۆ نووسیون، دێڕەکانی ساغ کردۆتەوە، وشەی قورسی ڕاڤە کردوون.. تاد. گۆڕیان پڕ نوور بێ.

سێیەمیشیان لەبەر پێویستی کتێبخانەی کوردی بەم جۆرە سەرچاوانە، کە ئەمەشیان بەلای ئێمەی کوردەوە بایەخی خۆی هەیە، لەبەر هەژاری کتێبخانەکەمانو خراپی باری چاپەمەنی لە کوردستاندا کە نەکراوە وەکو پێویست ئەو جۆرە کتێبانە بە ڕێکوپێکی چاپ بکرێن.

دەزگای چاپو پەخشی سەردەم لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە بڕیاری دا لەناو بەرنامەکانی خۆیدا بۆ سەرلەنوێ چاپکردنەوەی کتێبە دانسقەکان، دیوانی شاعیری گەروە مەولەوی چاپ بکاتەوە.

پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەستکرا بە جێبەجێکردنی کارەکان.

بۆئەوەی ئەو کارە فرەلایەنو دەوڵەمەندتر بکرێ بەشێك لە کتێبی مەولەوی.. مامۆستا حەکیم مەلا سالح-مان وەکو پاشبەند لەگەڵ دیوانەکە بڵاوکردەوە کە تێیدا ژمارەیەك شیعری بڵاونەکراوەی شاعیر ئاماژەیان بۆ کراوە لەگەڵ بەشێك لە نامەی ماجستێری شاعیرو ڕووناکبیر ئەنوەر قادر محەمەد لە کتێبی (لیریکای شاعیری گەروەی کورد مەولەوی) وەرگیراوە. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم کە لە میهرەجانی مەولەوی ساڵی ١٩٨٨ لە سلێمانی پێشکەشی کردبوو. ئەوانە هەموویان وەکو پاشبەند لەگەڵ دیوانەکەی مەولەویدا دانران.

هیوادارین بەم کارە ڕۆحی بەرزی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس شادبکەینو کتێبخانەی کوردیش بە بەرهەمی یەکێك لە ناسکترینو بەتواناترین شاعیری کورد مەولەوی تاوگۆزی بڕازێنینەوە.

دەزگای چاپو پەخشی سەردەم

## سەرەتا

لەکۆشی ئەم کوردەوارییەی ئێمەدا گەلێك ئەدیبی پایە بەرز پەروەردە بوون کە بەگوێرەی سەردەمو ڕێو شوێنی خۆیان هیچیان لەئەدەبیاتی بەناوبانگی وڵاتانیتر کەمتر نەبووە، بەڵام کەمیان بۆیان هەڵکەوتووە لەگەڵ مردنیاندا ناویان کوێر نەبێتەوەو نیشانەیەکیان لەپاش بەجێ بمێنێتو هەواڵێکی کەمکورتیان بزانرێت.

دۆستی خۆشەوستم (سەید عەلائەدینی سەجادی) توانیویە بەهەر زەحمەتێك بووە ناوی کۆمەڵێك لە شاعیرەکانی کوردستان کۆبکاتەوە لەمێژووەکەیدا، بەڵام سەرگوزشتەی تەنها چەند کەسێکیانی دەسکەوتووە، ئەوانەیش زۆربەیان لەم سەردەمانەی دواییدا ژیاون.. ئاخۆ ئەوانەی کە ناویان ماوەتەوەو نە نیشانیان گەیشتبنە چەند سەد کەس؟ مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت! لەخوا لێخۆش بوو (شێخ عەلائەدینی بیارە)م بیست فەرمووی لەمەولەویم بیست وتی جارێکیان بەسەفەر چووم بۆ (قەڵای جوانڕۆ) لەوێ کتێبێکی (شیرینو فەرهاد)ی ناتەواوم دی لە تاقێکا کەوتبوو، کە تەماشام کرد زۆر لەلام شیرینو ناسك بوو ویستم بەشیعری خۆم تەواوی بکەم، و دەستم کرد بە نووسینو چەند شیعرێکم نووسی، پاشان کەبەراوردم کرد لەگەڵ شیعری ئەسڵی کتێبەکە هینەکانی خۆمم ئەوەندە بەناتەواو هاتە بەرچاو شەرمەزار بوومو دەسم لەنووسینو تەواوکردنی کتێبەکە هەڵگرت.. ئێستاش ئێمە نازانین ئەو شیرینو فەرهادە کام شیرینو فەرهادەو دانەرەکەی کێیە کە ئەوەندە هونەرمەند بووە مەولەوی خۆی لەعاستیا بەهیچ نەزانیوە.

هۆی ونبوونی سامانی ئەدەبیمان بەپێی تێگەیشتنی من چەند شتە:

یەکەم: هێرشی زۆری لەشکری بێگانە بۆ سەر وڵاتەکەمان کەبووە بەهۆی فەوتانی زۆر خێزانو وێرانبوونی گەلێك شوێنو لەناوچوونی گەلێك کتێبخانەو کتێبی نایاب. دووەهەم: نەخوێندەواریی خەڵکی وڵاتو نرخ دانەنانیان بۆ ئەدەبو پاشماوەی دێرینمان. سێهەم: بێ قیمەتیی ئەدەبی خۆماڵی لەبەرچاوی زۆربەی

گەورەکانماندا کە زمانی کوردییان بە زمانێکی سووك و بێ بایەخ دادەناو لایان وابوو دەبێت هەر چاویان لەئەدەبیاتی زمانانی دراوسێ بێت.

ئەمڕۆش کە ئەو هۆیانەی زوو تاڕادەیەکی زۆر لەناوچون، لام وایە هۆی گەورەی زیندوو نەبوونەوەی سامانی ئەدەبیی کۆنمان بریتییە لەبێ پەیوەندیو لەیەك نەگەیشتنی ئەو کوردانەی کە بە شێوەی جیاجیا قسەدەکەن، و لە کەمیی چاپخانەو هۆی بڵاوکردنەوەو بازاڕ دەس نەکەوتن بۆ هەموو جۆرە چاپەمەنییەکی کوردی لە هەموو لایەکی کوردستاندا.

*

یەکێك لەو ئەدیبە بەرزانەمان کە سەردەمو شوێنی ژیانیان وانە بوە بە زوویی ناونیشانیان کوێر بکاتەوە (سەید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی)یە کەزانایەکی بەرزی ئایینیو سۆفییەکی بێگەردو شاعیرێکی بێ هاوتا بووە، و هەڵبەستە پڕ شورەکانی لەبەشێکی گەورەی کوردستاندا بووە بەوێردی سەر زوبانی هەموو ئەدەب پەروەرێكو خاوەنی هەستێکی ناسك. وردیو ناسکیو سۆزی غەزەلیاتی مەولەوی لەهەموو کۆڕێکی ئەدەبیدا ناوبانگی دەرکردووە. ئەوەی لە شیعری مەولەوی گەیشتبێت بەناچاری گیرۆدەی دڵگیریی مەعنای بووە. بۆیە شیعری مەولەوی خۆی گەیاندووەتە هەر کۆڕێکی ئەدەبی، و لەدیوەخانی هەر گەورەیەکی ئەدەب پەروەری کوردا لەلای ژوورەوە جێی خۆی کردووەتەوە، و ئێستاش ناوی مەولەوی لەهی هەر شاعیرێکی تری کورد زیاتر بەسەر زمانی گەلەوەیەو خۆیشی لەزۆریان زیاتر مافی خۆی وەرگرتووە. ئەم ڕاستییە بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە بەتینەی کە مەولەوی لەگەڵ خوالێخۆشبووان (شێخی سیراجەدین)و (شێخی بەهائەدین) و (شێخی زیائەدین) بوویەتی کە ئەوانیش خاوەنی گەورەترین خانەقاو خوێندنگای ئایینی بوون لە سەردەمی خۆیاندا لەکوردستاندا و مەنسوبیان لەهەموو لایەکیدا بووە، و خوێندنگاو خانەقاکانیان فەقێو سۆفیی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە تێدا بووە. ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی شیعری مەولەوی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بگەڕێ. جگە لەوە کە سەردەمی ژیانیشی پێشکەوتووتر

بووە لە سەردەمی یەکێکی وەك (بێسارانی) و (سەیدی) کە لەگەڵ پایەی بەرزی شیعریشیاندا هێشتا ناوبانگیان لەدەرەتانێکی تەسك دەرنەچووە.

شاعیری خوالێخۆشبوو (حاجی تۆفیقی پیرەمێرد) وەختی خۆی هەنگاوێکی دڵسۆزانەی نا کە ژمارەیەکی زۆری لەپارچە شیعرەکانی مەولەوی کۆکردەوەو وەری گێڕایە سەر شێوەی سلێمانی و (اصل) و (روح) ەکەی لەدوو بەرگدا بڵاوکردەوە.. منیش دەمێکە خەریکی کۆکردنەوەی شیعری مەولەویم و دەیان نووسمەوە. تا لەم دواییەدا توانیم بەری ئەو ڕەنجی چەند ساڵەیەم بکەم بەم کتێبە، و بۆ بەجێهێنانی هەندێك لەواجبی سەرشانم بەرامبەر ئەدەبی نەتەوایەتیمان پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بکەم.. لەم کتێبەدا بۆ ئاسانی هاتووم پارچە هەڵبەستەکانم بەپێی تیپەکانی (ئەلف و یێ) ڕێکخستووە لەسەر بنچینەی تیپی یەکەمی یەکەم شیعری هەر پارچە شیعرێك، و بەگوێرەی ئەوەی کەدیومە نووسراوە یا لە شارەزایانم بیستووە هۆی دانانی هەندێکیانم باس کردووە، و مەعنای ئەو وشانەم لێکداوەتەوە کە بەئاسانی نازانرێن یا تەنها هەر لەشێوەی شیعری کۆنماندا بەکارهێنراون. و ئەگەر مەعنای شیعرێك تەنها بەلێکدانەوەی مەعنای وشە گرانەکانی نەزانرێت: پوختەی مەعنای ئەو شیعرەشم لێکداوەتەوە. و ئەگەر مەعنای چەند شیعرێك بەسترابێت بەیەکەوە، مەعنای هەموویانم لەئاخر شیعریاندا پێکەوە لێکداوەتەوە.

لەکۆکردنەوەی ئەم شیعرانەی مەولەویدا یارمەتیم لەگەلێك کەس دیوە وەك جەنابی (سەید تاهیری هاشمی) لە (دەوڵەت ئاوا) و (حەسەن فەهمی بەگی جاف) و (حاجی حەیدەری کوڕەزای مەحمودی یاروەیس) و (شێخ ئەحمەدی شێخ سدیقی نیرگسەجاڕ) و (مەلا کەریمی دەڵەمەڕی) و (مەلا کەریمی گوڵپی) و (فەقێ ڕەشیدی هەمەوەند) و چەند کەسی تر کە یا دیوان یا چەند پارچە شیعرێکی مەولەوییان لابوو بۆیان ناردم و بەراوردم کرد لەگەڵ ئەوەی لام هەبوو، و چیم نەبوو نووسیمەوە، یان یارمەتیی ئەدەبیی ترم لێوە دین لەبارەی مەولەوییەوە. سوپاسێکی گەرمی ئەم زاتانە دەکەم، و بە تایبەتی جەنابی (سەید تاهیر)

کەکەڵکێکی زۆرم وەرگرت لەنامیلکە فارسییەکەی کە لە بابەت مەولەوی‌و شیعری مەولەوییەوە بۆی نووسیبووم، و جەنابی (حەسەن فەهمی جاف) کەکەشکۆڵە شیعرییەکەی خوالێخۆشبوو (مەحمود پاشا)ی باپیری دایە لام. هەروەها دەبێت سوپاسی ئەدیبی بەرزی کورد خوالێخۆشبوو (ڕەفیق حیلمی) یش بنووسم کەکتێبەکەی خوێندەوە، و هەندێك سەرنجی وردی پیشان دا، و بڕیار بوو سەرەتای بۆ بنووسێت، بەڵام مەرگ مۆڵەتی نەدا.

دیوانی مەولەوی بەدەسنووس، جگە لەو زاتانەی کە وتم یارمەتییان داوم، لای گەلێك کەسی تریش هەیە، بەڵام من هەرچەند هەوڵم دا نەمتوانی دەسیان خەم. وەك زانیومە لای بەگزادە جافەکانی (کەلار) و لای منداڵەکانی (شێخ ڕەسوڵی گومەتەی قەرەداغ) و لای شێخانی (شاقەلا) لە (سەرشێوی سەقز) و لای سەیدەکانی (لون)یش هەیە. وەك بیستوومە نوسخەی سەیدەکانی (لون) هۆی دانانی غەزەلەکانیشی لێ نووسراوە. نامەی زۆرم بۆ هەموو ئەوانە نووسی بۆ داوای شیعری مەولەوی، بەڵام وەرامم لەکەسیانەوە دەسگیر نەبوو. هەروەها لام وایە کۆمەڵە شیعری مەولەوی لای سەیدەکانی (باینچو)یش هەبێت، بەنیشانەی ئەوە کە لە سەرەتای مامۆستایمدا لەخوێندنگای خانەقای (بیارە) خوالێخۆشبوو (ئەمین ئەلساداتی باینچوبی)یش لەوێ بوو زۆربەی شیعری مەولەویی لەبەر بوو، و مەعناکانی باش دەزانین‌و دەیزانی کەی و لەچ موناسەباتێکدا دای ناون. داخی گرانم ئەو ڕۆژە هەرچەند شیعری مەولەویم ئەنووسییەوە، بەڵام فکری ئەوە نەکەوتبوە کەللەم کە بیکەم بەکتێب کا ئەو شتانەی (ئەمین ئەلسادات) ئەی زانین بییاننووسمەوە. (ئەمین ئەلسادات) هەموو جارێك ئەوەندە بەسۆز شیعری مەولەویی دەخوێندەوە وەك دەروێش حاڵی لێ بیت وا لەحاڵی تەبیعی دەردەچوو.

هەر چۆن بێت من ئەوەی لەتوانامدا بوو کردم، و وەنەبێت بڵێم کەموکورتی لەئیشەکەمدا نییە، چونکە پڕۆژەی وا هەرگیز بەتاقە کەسێك بەبێ کەموکورتی ناهێنرێتە دی. لەبەرئەوە ئەم تکایانەی خوارەوەم بەرەو رووی هەموو ئەوانە

دەکەمەوە کە ئەم کتێبەیان بەرچاو دەکەوێت، بۆ ئەوەی کەڵك لەیارمەتییان وەربگرم، و ئەگەر عومر وەفای کرد جارێکیتر بەشێوەیەکی باشتر لەچاپی بدەمەوە:

(١)هەرکەس پارچە هەڵبەتسێکی لا هەبێت کە لەم دیوانەدا بڵاو نەکرابێتەوە، یا بڵاوکرابێتەوە بەڵام لەنوسخەکەی ئەودا شیعرێك یاچەند شیعرێکی زیاتر بێت، ئەو پارچە هەڵبەستە، یا شیعرە زیادەکانمان بۆ بنێرێت.

(٢)ئەگەر لای ئێمە شیعرێك لەپارچەیەکدا بڵاوکرابێتەوە، و لەنوسخەی کەسێکدا لەپارچەیەکی ترا بێت، یا چەند پارچەی لای ئێمە لەنوسخەی کەسێکدا یەك پارچە بن، یا بەپێچەوانەوە، ئاگادارمان بکات.

(٣)ئەگەر وشەیەك لەشیعرێکدا، یا جوملەیەکی لای کەسێك بەجۆرێکیتر بێت، بۆمان بنووسێت.

(٤)هەر کەس لای وابێت ئێمە مەعنای شیعرێکمان خراپ لێکداوەتەوە، یان هۆی دانانی پارچەیەکمان بەناڕاست نووسیوە، ڕای خۆیمان بۆ بنێرێت.

ئیتر هیوام وایە هەر کەس لەم ڕووەوە وا هەست بکات ئەوەی لایەتی ئەمانەتی ئەدەبی کوردە لای، و دەبێت ئەو ئەمانەتە بگەیەنێت بەجێی خۆی، تا بە هەموو لایەکمانەوە بتوانین میراتی ئەدەبیمان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بگەیەنین بەنەوەکانی پاشەوەمان.

*

مەولەوی شێوەناسیش بووە. لە (شێخ جافری شێخ ئەحمەدی ناوجاف)م بیست کە ئەویش لە ئەوەی (مەلا ئەبوبەکر)ەو خزمی مەولەوییە، وتی ڕۆژێکیان باوکم و (شێخ سەعید)ی مامی دەچن بۆ لای مەولەوی. مامم لە مەولەوی دەپرسێت ئەم کوڕە دەناسی کە لەگەڵمە؟ مەولەویش لە باوکم ورد دەبێتەوەو دەڵێت بەخوا کاکە شێخ ئەم کوڕە سەری لیَ شێواندووم، بەچاوو برۆیا لە خۆمانەو بەشێوەی قسەو جلوبەرگ و سەرو پێچیشیدا لە قەرەداغی دەچێت.

مامم دەڵێت ڕاست دەفەرموویت برازامەو دایکیشی لە سەیدەکانی (بەڵخە)ی (قەرەداغ)ە.

*

ئێستا هەر ئەم وردە سەرگوزشتانەی مەولەویم لەیاد بوو، وا نووسینمەوە بەڵکو بۆ ئەوە بشێن لەسەرێکەوە کەڵکێکیان لێوەربگیرێت. لە(سەید ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی عازەبانی)م بیست وتی کتێبێکم لای (شێخ نەجمەدینی بیارە) دی مەولەوی نووسیبووی و سەرگوزشتەی خۆی تیادا نووسیبووەوە، داخەکەم من بەدرێژایی ماوەی مانەوەم لە (بیارە) نە ئەو کتێبەم دی، و نەهیچم بیست لەبارەیەوە.

## پیتی ئەلف

-١-

ئیمشەو تەنیا بی جەستەی زەبوونم
دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم[١]
خەیاڵان خام هاوردم بەردم
هاوار جەدەمەی هەناسەی سەردم[٢]
زوخاو گێج مەدا دیگ دەروون دا
هووناو هورشاناش جەستەی زەبوون دا[٣]
ڕەنگاو ڕەنگ ڕەنگ گوڵ گوون هوونم
قرچەی برێشەی کوورەی دەروونم[٤]
چون دانەی سەر ساج هور ئامام جار جار
جەتاو دووکەڵ، جە شەرارەی نار[٥]
سۆزیام هەی سۆزیام، وێنەی شوعلەی نوور
بیم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی توور[٦]

---

[١] سەرواز کەرد: سەر ڕێژی کرد. هوون: خوێن.
[٢] خام: خاو. دەم: کزە بای ساردی سەر کێوان کەزستانان بە بەفرەوە بەرزدەبێتەوە.
[٣] گیج مەدا: گێژی دەخوارد. دیگ دەروون دا: لەمەنجەڵی سینەدا. هور شاناش: قوڵپی دەدا. جەستەی زەبوون دا: لەلەشی لاوازمدا.
[٤] ڕەنگاوڕەنگ ڕەنگ: ڕەنگی ڕەنگاو ڕەنگ. گوڵ گوون: گول ڕەنگ بریشتە: برژاو، واتە: گیرۆدەی ئەم حاڵەم.
[٥] هور ئامام: هەڵدەهاتمەوە: شەرارەی نار: بلێسەی ئاگر.
[٦] سوزیام: سووتام. سورمەی سوبحان: کلەی خوایی. ئاوەردەی کۆی توور: هێنراوی کێوی توور.

## گەشتێك بە ژیان و شیعری مەولەویدا**

محەمەدی مەلا کەریم

مێژووی ئەدەبی کورد مێژوویەکی تا رادەی ئەوپەڕی چرووك و کولۆلە. تا ئێستا ئەدیبێکی کورد دەستنیشان نەکراوە لە سەردەمی ژیانی خۆیا یا پاش مردنی مێژووی ژیانی نووسرابێ و لە ئەدەبی کۆلرابێتەوەوە لایەنە بەهێزو لاوازەکانی شیعری دیاری کرابن و باسی ئەو کاریگەرانە کرابێ کە لە نەخشەکێشانی ژیانی ئەدەبی ئەودا دەستیان بووە. بەشی هەرەزۆری شیعری کوردی نازانرێ لە چ موناسەبەت و بۆنەیەکدا وتراوە، لەبەرئەوە پێوەندی نێوانی شیعری شاعیرانی کوردو بارودۆخی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و دەروونی و هەروا بە داپۆشراوی و تەم گرتووی ماوەتەوە.

تاقە سەرچاوەیەك تا ئەم دواییە لەم مەیدانەدا بەدەستمانەوە بووبێ ئەو باس و هەواڵە دەمگۆیانەیە لەناو مەلاو فەقێ و هەندێ کۆڕو کۆمەڵی ئەدەب دۆست و ئەدەب پەروەردا گێڕراونەتەوەو ئەگێڕرێنەوەو ئەتوانرێ بە هەندێ شیعری ئەو شاعیرانەوە پێوەند بکرێن و چەردەیەك تەمیان لە رووی هەندێ سەری ژیانیان پێ برەوێنرێتەوە.

ئەمەی وتمان کالایەکە بە بالای هەموو ئەدەبی کوردو هەموو شیعری کوردی براوە، کە ئەمانەوێ ئەمڕۆ لەم کۆڕەمانا گەشتێ بە ژیان و شیعری شاعیرێکی شیرین زمان و دەمپاراوو هەست ناسك و دڵ بریندار وەك مەولەیدا بکەین، لە شیعرەکانی خۆی و لە هەندێ وردە زانراوی دەمگێڕ بەولاوەمان بە دەستەوە نیە مەبەستەکەمانی پێ روون بکەینەوە.

---

** ئەم وتارە لە یەکەم میهرەجانی مەولەوی لە سلێمانی کە لە رۆژانی ٢٤-١٩٨٨/٨/٢٥ بەسترا خوێندراوەتەوە.

بەر لە هەرچی ئەبێ ئەوە بزانین مەولەوی ڕۆڵەی ناوچەیەکی لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە کرێن بووە. ئەو ناوچەی تاوگۆزیو سەرشاتەو ئەوبەری سیروانە ئەوی تیا هاتووەتە دنیاو گەورە بووەو پێگەیشتووە، ناوچەیەك بووە، بە پێچەوانەی شارەزووری ئەمسەریو باوەجانیو جوانڕۆی ئەوسەریەوە، لە بارەی ئابوورییەوە هەر یەجگار لەدوا.. نە زەویو زارێکی وا بەشی ژیانی خەڵکەکە بکاو دەغڵودانێکی تێروتەسەلی لێ بێتە بەرهەم.. نە باخو باخاتو ڕەزو مێوێکی ئەوتۆی تیا نێژرابێ.. نە حەیوانداریيەکی وا لە سنووری چەند سەر بزنە گەڕ زیاتری بۆ هەرکەسێ تیا بەخێوکرابێ.. ڕەنگە خەڵکی ئەو ناوچەیە لەهەر ناوچەیەکی تری کوردستان زیاتر بە بەڕوو برژاندنو بەڕوو کوتانو هاڕین ئاشنا بووبن، چونکە هەرچەند ساڵ جارێ قاتیو قڕییەکیان تیا پەیدابووە. لە هەموو ئەو ڕزقو ڕۆزییەی سروشتی کوردستان بۆ خەڵکی فەراهەم کردووە، ئەوان لە بەڕوو بەولاوە هیچیان لەبەردەستا حازربەدەستو ئامادە نەبووە، خۆیانوماڵو منداڵیانو لە مردن پێ ڕزگار بکەن.

هەر بە هۆی ئەم چرووکیی سروشتو کرێنیی ئابوورییەوە ناوچەکە، بە پێچەوانەی زۆر شوێنی تری کوردستانەوە، ڕەنگە ماوەیەکی زۆرو دوورو درێژ مزگەوتو حوجرەی بە مەلاو فەقێ ئاوەدانی، لە سنوورێکی تەنگەبەردا نەبێ، بە خۆیەوە نەدیبێ. لەژێر سێبەری ڕژێمی دەرەبەگیدا کە ئەو سەردەمە باڵی خۆی بەسەر هەموو لایەکی کوردستانا کێشابوو و لە زۆر شوێنا لایەنە بە گوێرەی قۆناغی خۆی باشەکانی ئەو ڕژێمەی تیا مەیسەر بوو وەك ڕابواردنی خۆشی دەرەبەگو دەسو پێوەندەکانیانو، بڵاوبوونەوەی گیانی شۆڕەسواریو لاوچاکیو تەڕاتێنو ڕاوو شکارو سەیرانو گەشتو گوزارو، لە دەوری دیوەخانی دەرەبەگ کۆبوونەوەی

کۆمـەڵێکی زۆر مـەلاو فـەقێو مـیرزاو شـاعیرو نیمچـە خوێنـدەوارو، گەشـەکردنی جـۆرێکی ئـەدەبو، دروسـتکردنی خانووبـەرەی بـە سـەنگو تـرازووی سـەردەم جـوانو پێشـکەوتوو، ناوچـەی تـاوگۆزیو سەرشـاتەو ئەوبـەری سـیروان لـە هـەموو ئـەوە بێبـەش بـوو. تـا ئێسـتا کـەس باسـی بنەماڵەیـەکی دەرەبـەگی نـەکردووە لـەو ناوچـەیەدا ژیـابێو تـوانیبێتی لـە مەیدانی ژیـانو خۆش گوزەرانیدا شان لە شانی بەگزادەکانی دەوروپشت وەك جـوانڕۆو هـەورامیو جافو ئەوانی دیکە بدا. ئەو ناوچەیە هەمیشە لەلایەن سەرکارێکی مفتەخۆری دەرەبەگێکی بەدەسەڵاتی شوێنێکی ترەوە بەڕێوەبراوە کە بە زۆری خۆی دەستی بەسەرا گرتبێ یا دەوڵەتی عوسمانی یا ئێران یا میرانی بابان یا کەسانێکی تر پێیان سپاردبێ. ئەو سەرکارەیش ئەوەنـدەی تـر ئـەو خەڵکە ڕەشو ڕووتـەی ئاوەڕووت کردووەو کارێکی لـێ کردوون لە دەرامـەتی دەغڵودانی ساڵانەیان بەشی بنەتۆوی ساڵی دادێیان بۆ نەماوەتـەوەو زستانان پـەنایان بردووەتـەوە بەر بەڕووی شاخانو کەمێ کەشكو دۆینـە کـە لـە بەرهـەمی بەهارانی ئـەو چـەند سەر بزنـەیان ئامادە کردووە کە بوویانن. خودی ئەم جۆرە مامەڵەیەی ئەمانە دیارە زۆرجار بووە بە هۆی ئەوە ئەگەر مەلایەکی خواناسی خـەڵك دۆسـتی دڵو دەروون پاك لـە ناوچەکەدا بووبێ، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆی ناوچەکەی بەجێهێشتبێو کۆچی کردبێ وەك لە مەولەوی خۆی ڕەویداوە، وەك لە سەرچاوە کەمـەکانی ژیانیا باسکراوە.

مەولـەوی لـە ناوچـەیەکی وا کـڕێنو بـێ نـانو ئـاوو ڕزقو ڕۆزیو، لـە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی وای بە هەموو سەنگو ترازوویەك پاشکەوتوودا، وەك تـراوە، لـە یـەکێ لـە سـاڵانی نێوانی ۱۲۱۵-۱۲۲۱ی کۆچـی (۱۸۰۰-۱۸۰۷زایینـی)دا لـە دێـی (سەرشـاتە)ی تـاوگۆزی هاتووەتـە دنیـاوە، بـەڵام

## دەوری مەولەوی لە گەشە پێدان و نوێکردنەوەی لیریکای کوردیدا***

ئەنوەر قادر محەمەد

لە کاتی کارکردن و توێژینەوەو تاوتوێکردنی سەرچاوەکان و تێکستی شیعری و نامەکانی مەولەویداو لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیان و خوێندن و پەیوەندییدا لەگەڵ شاعیرو زانایان و ئەمیران و خزم و ناسیاواندا، هەندێ فاکتی ژیانی مەولەوی ساغ کرانەوەو ڕوونکرانەوە.

بەراوردێکی سیستێم ئامێزی بەرهەمی لیریکی مەولەوی لەگەڵ شیعری گۆرانی و کوردی بە گشتی و ئەدەبی کلاسیکیی فارسیدا، ئەوە دەسەلمێنێ، کە مەولەوی شاعیرێکی هەڵکەوتوو و خاوەنی دنیای شیعری و داهێنانی تازەو تایبەتیی خۆی بووە.

مەولەوی لیریکای خۆیی بە گیانێکی زۆر نوێیەوە نووسیوەو بابەتی شیعری کلاسیکیی کوردیی بەرفراوان و دەوڵەمەند کردووە" هەندێ ژانری وەکو فەردو دووبەیت، کە دیاردەی بەرچاوی ئەدەبی کوردی نەبوون هێناوەتە ناوەوەو بە پێزی کردوون. دەوری دیاری مەولەوی لە پەرەپێدانی ژانری عەزەلدایە. شاعیر بابەتی غەزەلەکانی گەشەپێداوەو شێوازو مەودایەکی لیریکی تازەی پێداون، بە تایبەتیش ژانری نامەی شیعری و لاواندنەوەی لە چوارچێوەیەکی هونەریی بەرزداو بە گیانێکی تازەکارانەوە دەربڕیوە.

وەسپی سروشت لای مەولەوی لە ڕووی بەرەو لوتکە چوون و کامڵبوونەوە نرخ و بایەخێکی هونەریی ئێجگار گەورەی هەیە. سروشت بناغەیەکی پتەوی وێنە شیعرییەکانی مەولەوییە. بەو بیست و چوار

---

*** لە کتێبی (لیرکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی) ئەنوەر قادر محەمەد چاپی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠١.

غەزەلەی، تابلۆی هونەریی وەرزەکانی ساڵو دیاردەکانی تری سروشتی کێشاوە. لایەنی داهێنەرانەی ئەم بابەتەی لە وردەکاریو پیشاندانی سروشتی تایبەتو زیندووو و بزۆزو دینامیکدایە.

شاعیر فەرهەنگی شیعری کوردیی بە زاراوەو وێنەی تازە دەوڵەمەند کردووە. مەولەوی شارەزایەکی گەورەی فۆلکلۆری کوردیو ئەدەبی کوردی بووەو کارامانە بۆ دۆزینەوەی تەعبیری هونەریی تازەو مشتو ماڵ کردنو زاخاودانەوەی کەرەسەی دەربڕینی شیعری کوردی سوودی لێ وەرگرتوونو بەکاریهێناون. فۆرمی فەردی لە فۆلکلۆرەوە وەرگرتووەو کردوویەتیە ژانرێکی بەرچاوی شیعرەکانی. داستانی فۆلکلۆریو ڕازو ئەفسانەو پەندو قسەی نەستەق لە شیعرەکانی مەولەویدا بە شێوەیەکی تازە ڕەنگیان داوەتەوەو داڕێژراونەتەوە. مەولەوی تابلۆی ژیانی کوردەواریو گەلێ دابو نەریتی جەژنو شاییو گەرمیانو کوێستان کردنی کۆچەرانی کوردی کێشاوە.

فەرهەنگی شیعری مەولەوی بێجگە لە فۆلکلۆرو ئەدەبی کوردی، بە زاراوەو هەندێ لایەنی هونەریی بەرزیترادیسیای شیعریی میللەتانی دراوسێی کورد دەوڵەمەندە.

بێگومان مەولەوی بە شێوەیەك چاك شارەزای شیعری فارسیو بەرهەمەکانی حافزو مەولانای ڕۆمیو شاعیرانی تر بووەو باشیان لێ تێگەیشتووەو کاریان لە لیریکای کردووە. هەندێ مۆتیڤو وێنەی حافزو مەولانا لای مەولەوی هەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك مانای کارتێکردنی میکانیکی نین.

یەکێك لەو لایەنانەی لێیان کۆڵرایەوە، توێژاڵی ڕەنگی سۆفیانەی لیریکای مەولەوی بوو. نووسەری ئەم چەند دێرە، بۆ تۆژینەوە لەم مەسەلە

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سالّی ٢٠٠٦

| ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێرانی |
|---|---|---|
| ٣٣٧-ئەفسانەی کتێب | کۆمەڵێ نووسەر | یاسین عومەر |
| ٣٣٨-کۆ چیرۆك | ڕەووف بێگەرد | |
| ٣٣٩-قەدری جان | مەریوانی عومەر دەوڵەت | |
| ٣٤٠-ئیتێك لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا | شوان ئادەم ئەیڤەس | |
| ٣٤١-تیشکێك لەسەر ڕۆمان | عەبدولڕەحمان مونیف | شیرین.ك |
| ٣٤٢- لە گوڵەوە هەتا سووتوو | شێرکۆ بێکەس | |
| ٣٤٣-محەمەدی قازی کێیەو... | ئا:سەیدعەلی ساڵحی | ڕێباز مستەفا |
| ٣٤٤-ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك | عەتا محەمەد | |
| ٣٤٥-فەلسەفەو لاهوت لە... | د.حەمید عەزیز | |

MAWLAWI.KRD

MAWLAWI.KRD

ئەدار پەشێویێ حالات جەستەم
دوورەن جە تەحریر خامەێ شکستەم
بەلام (مەعدووم) هەرێن دیدەش جۆش وەردەن
ناعیلاج خامەش وەدەسگیر کەردەن
پەلاپەل پێکان پەل وەخامەدا
یەک فەرد رەقەم کەرد وەرووێ نامەدا
ئێسا دیدەێ دڵ دێوانەکەێ وێت
نەبێنێ ئاودا مەگێڵۆ پەرێت

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

بەرگسازی: ڕێبوار سەعید، قادر میرخان